# گرێبەستی دامەزراوەکان و بەردەوامیی گەندەڵی لە عێراق

30-08-2021

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** گرێبەستی وەزارەت و دامەزراوەکان باوترین رێگای گەندەڵییە لە عێراق. ساڵانە ملیاران دۆلار بەفیڕۆ دەدرێت و بە بەرچاوی دامەزراوە فەرمییەکان وەک بەرتیل دەدرێت بۆ تێپەڕاندنی کارەکان و وەرگرتنی گرێبەستەکان، گەندەڵییەکان زۆرن بە ژمارە و بەکەیسی جیاواز، بەڵام بۆ دیارترینیان، لێرەدا بە گوێرەی راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ساڵی ٢٠٢٠، چاو لە وەزارەتەکانی بەرگری، داد، و کارەبا لە عێراق دەکەین.

مەحموود بابان-ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو|

گرێبەستی وەزارەت و دامەزراوەکان باوترین ڕێگای گەندەڵییە لە عێراق. ساڵانە ملیاران دۆلار بەفیڕۆ دەدرێت و بە بەرچاوی دامەزراوە فەرمییەکان وەک بەرتیل دەدرێت بۆ تێپەڕاندنی کارەکان و وەرگرتنی گرێبەستەکان، گەندەڵییەکان زۆرن بە ژمارە و بەکەیسی جیاواز، بەڵام بۆ دیارترینیان، لێرەدا بە گوێرەی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ساڵی ٢٠٢٠، چاو لە وەزارەتەکانی بەرگری، داد، و کارەبا لە عێراق دەکەین.

[ڕاپۆرت- 2 گرێبەستی دامەزراوەکان و بەردەوامیی گەندەڵی لە عێراق]

بەرایی

ڕۆژی 22ی ئاب 2021 دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی ڕاپۆرتێکی 187 لاپەڕەیی ساڵانەی خۆی بۆ ساڵی 2020 بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە بە ملیاران دینار سامانی گشتی بەفیڕۆ دراوە و یاری بە سامانی گشتی وڵات دەکرێت. یەکێک لە گەورەترین کەموکورتییەکان لە سیستمی تەندەرەکاندا دایە کە ڕێگە بە بریکارەکان دەدات بچنە ناو سیستمەکەوە  و دەستکاری تەندەرەکان بکەن. لەم ڕوانگەیەشەوە، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی دەستپاکی ئەمریکی G.A.N  عێراق ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێکی جیددی بووەتەوە وەک گەندەڵی و تەحەدای ئەمنی، قەیرانی سیاسی و مرۆیی کە وایکردووە دەوڵەتەکە زۆر لاواز (فشەڵ) بێت.

بەرتیل و بەخشش بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی کارەکان لە عێراقدا زۆر بڵاوە، هەر بۆیەش ئەبوحەسان موسەوی شارەزای بواری ئابووری ئاماژەی بەوەکرد یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرزیی ڕێژەی هەژاری لە عێراق گەندەڵییە، کە بەپێی وەزارەتی پلاندانای عێراق ئاستی هەژاری گەیشتووتە 42% دانیشتوان.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی چاتم هاوس  لەبارەی گەندەڵی لە عێراق، حکومڕانی لە عێراق بە "گەندەڵییەکی یاسایی"وە تێوەگلاوە، کە زیاتر دەبێتە هۆی پەکخستنی دەوڵەت و ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانە و شۆڕبوونەوەی بۆ  گەندەڵی بچووک و ئاستی تاکەکەسی. هەروەها ڕێکخستنەوەی سیستمی هاوبەشیکردن لە دوای 2003وە ئیتنیک ـ مەزهەبی کە بۆ مسۆگەرکردنی سەقامیگیریی پەیڕەوکرا بووە هۆی مانەوەی نوخبەیەکی سیاسی دیاریکراو کە دەستیان بەسەر دەوڵەتدا گرت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە گەندەڵییە خراپ بەکارهێنانی پلانی (نمرەی تایبەت) لەناو ڕۆتیندا لەگەڵ پێشبڕکێی پارتە سیاسییەکان بۆ دانانی بەرپرسانی باڵای پۆستە خزمەتگوزارییەکان بۆ هێنانی سەرچاوە مادییەکانی دەوڵەت بۆ مەبەستی خۆی، پەیوەندی بەرپرسانیش لەو پۆستانە بە سەرۆکایەتی پارتە سیاسییەکان وایکرد کە ئەم کارمەندانە ببنە بڕیاربەدەستی ڕاستەقینە لەنێو وەزارەت و دامەزراوەکاندا و ئازاد و لە دەرەوەی هەر لێپرسینەوەیەک بن.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی گەندەڵی لە عێراق توانای زیادی کۆمپانیا تایبەتەکان بەسەر دامەزراوە فەرمییەکاندا، بۆ نموونە بەپێی ڕاپۆرتەکە، هێڵی ئاسمانی عێراقی ناوی سەرنشینەکان لەنێو سیستمی کۆنترۆڵکردن نانووسرێت و تکتەکانیش دوای بەکارهێنانیان دووبارە بەکاردەهێنرێنەوە. لە لایەکی دیکەوە خراپی سیستەمی تکت وایکردووە ڕێگە بە بریکارەکان بدرێت بچنە ناو سیستەمەکەوە و دەستکاری بکەن، کە بەهای تکتەکان لەماوەی 6 مانگدا نزیکەی 3.768 ملیۆن دۆلارە.

**نموونەی گەندەڵییەکان لە وەزارەتی بەرگری، داد، کارەبا**

بەپێی ڕاپۆرتەکە، لە (لاپەڕە 43) لەبارەی وەزارەتی بەرگری عێراقەوە هاتووە " وەزارەتی بەرگری گرێبەستی کڕینی شەش فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بە بەهای 8.2 ملیار دینار کردووە، بە بێ ئەوەی کاریان پێبکات. ئەمەش لەکاتێکدایە ئەم فڕۆکانە ماوەی گەرەنتی (زەمان)یان بەسەرچووە و لە ساڵی 2015وە وەرگیراوە، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە 111 ئەفسەر بە پۆستی جیاواز لەسەر کارکردنی ئەم فڕۆکانە خانەنشین کراوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا و لە (لاپەڕە47)دا ئاماژەی بە گرێبەستێکی وەزارەتی داد لەگەڵ کۆمپانیایەک کردووە بۆ دابینکردنی خواردن بۆ دەستگیرکراون لە پارێزگای بابل و کەربەلا بە بڕی 33 ملیار دینار، لەکاتێکدا سەرمایەی کۆمپانیاکە تەنیا 150 ملیۆن دینار بووە.

لە لایەکی دیکەوە لەبارەی گرێبەستەکانی وەزارەتی کارەباوە لە لاپەڕە 68-69 هاتووە، وەزارەتی کارەبا لەماوەی نێوان ساڵانی 2017 بۆ 2019 هیچ وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای دانەناوە، لەکاتێکدا بە تەواوی پشت بەکڕینی کارەبا لە ویستگەکانی کەرتی تایبەت و وڵاتانی دراوسی دەبەستێت کە بەهۆی گرێبەستی درێژخایەنی وەزارەت لەگەڵ ئەم لایەنانەدا لەوانەیە لە داهاتوودا نەتوانرێت دەرماڵەی ئەم وەزارەتە دابینبکرێت. لە لایەکی دیکەوە لە لاپەڕە70دا هاتووە کۆمپانیایەکی حکومی بۆ بەرهەمهێنانی وزە گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی رووسی بە بەهای 350 هەزار دۆلار ئەنجامداوە، کە گرێبەستەکە دوای سێ مانگ لە جێبەجێکردن و تەواوکردنی کارەکە واژووکراوە، هەروەها کۆمپانیا رووسیەکە ناوی تۆمار نەبووە لە لیستی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە عێراق کار دەکەن.

هەروەها بڵاوبوونەوەی ئەم راپۆرتەی دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵی لەکاتێکدایە پسپۆڕان و لیکۆڵەران داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن رێوشوێنی خێرا بگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی رێژەی هەژاری و بەدیهێنانی دادپەروەری لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی وڵاتدا.

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی  لە چەند ساڵی رابردوودا عێراق یەکێک لە وڵاتە گەندەڵەکان و خەڵکی بێبەش دەکات لە مافە سەرەتاییەکانی لەوانەش گەیشتن بە ئاوخی خواردنەوەی پاک، چاودێری تەندرووستی و کارەبای بەردەوام و هەلی کار و بنیاتنانی ژێرخانی پێویست.

رۆژی 26ی ئاب لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا، عەلی عەلاوی، وەزیری دارایی عێراق رایگەیاند: " حکومەتی عێراق چیدیکە پێویستی بە قەرزکردنی بڕە پارەیەک نییە لە رێکخراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو لەجیاتی ئەوە داوای هاوکاری دەکەین بۆ وەرگرتنەوەی ملیاران دۆلار کە لەم ساڵانەی دواییدا و  بە قاچاخ  وگەندەڵی براونەتە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بەنزیکەی لەنێوان 150 بۆ 200 ملیار دۆلارە کە تەنیا 5% هی رژێمی پێشوو بووە".

ئەنجام

بەگشتی راپۆرتەکە  لەبارەی ناوەڕۆکی گرێبەست و تەندەرەکان کە بوونەتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی ئاماژەی بە خاڵێکی دیکە کردووە، کە گرێبەستی هاوبەشی نێوان وەزارەت و کۆمپانیا بیانییەکان هیچ سوودێکی تەکنیکی و ئابووری نییە بۆ عێراق، چونکە ئەم گرێبەستانە نە گەشەی ئابووری و نە قازانجی مادی و نە بەرزکردنەوەی توانستی زانستی و تەکنەلۆژی بۆ عێراق ناهێنن و دابینی ناکەن.

سەرچاوەکان


Bibliography

ديوان الرقابة املالية االحتادي دائرة التدقيق واملتابعة . التـقرير السنوي لسنة 2020. السنوي , بەغداد: ديوان الرقابة املالية االحتادي , 2021.

Mansour, Toby Dodge & Dr Renad. Politically sanctioned corruption and barriers to reform in Iraq. Investigate, London : Chatham House, the Royal Institute of International, 2021.

Published in: Iraq, Middle East, News. MIDDLE EAST MoNITOR. 08 14, 2021. https://www.middleeastmonitor.com/20210814-experts-urge-iraq-government-to-curb-poverty-rates/ (accessed 08 27, 2021).